# لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە دەقی شانۆییدا

١ م.ی کەلسوم خالید ئەحمەد ٢ پ.ی.د ئازاد ئەحمەد مەحمود
[١] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
بەشی شیکاری نەخۆشیەکان، کۆلێژی تەکنیکی تەندروستی و پزیشکی هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[٢]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
بەشی کارگێری کار، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

لێکەوتەی ئاخاوتەیی وەک پرسێکی گرنگ و سەرەکی لە توێژینەوەی پراگماتیکدا سەیر دەکرێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە، بوونی لێکەوتە لە ڕاستیدا پێویستی بە بەستنەوەی پەیوەندییەکە و ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکانی زمان هەبوو، کە تیۆرییەکانی زمانەوانی گشتی نایانگرێتەوە. ئەم تیۆرە لای گرایس سەرچاوەی گرتووە، خاڵی دەستپێکیش لای ئەوە بوو، کە قسەکەران لە گفتوگۆکانیاندا شتێک دەڵێن و مەبەستیان شتێکی ترە کە بە ئاشکرا لە گوتنەکانیاندا دەرنەبڕاوە، سەرەڕای ئەوەش، ئاماژەیەکە بۆ سەرکەوتن لە گفتوگۆدا توانای تێگەیشتن و تێگەیشتنە لە لێکەوتەکانی ئەو گوتەیە. هەروەها بوونی جۆرە جیاوازەکانی لێکەوتە ئەوە نیشان دەدات، کە گوتەیەک چەندە ئاڵۆزە. بۆ تێگەیشتن لە لێکەوتەی ئاخاوتەیی، پێویستە قسەکەر ئەزموون و زانیاری هەبێت سەبارەت بە بنەماکانی هاریکاری و پابەندبوون بە بنەما وردەکان. بۆیە دەتوانین بڵێین، کە دەتوانرێت بە ئاسانی لە لێکەوتە تێبگەین ئەگەر قسەکەران هاوبەش بن لە ئەزموون و زانیارییان لە گفتوگۆدا.

وشەی سەرەکی: لێکەوتەی ئاخاوتەیی، بنەمای هاریکاری، لێکەوتەی گشتی، بنەمای پەیوەندی.

## 1. پێشەکی

### ١_١: ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە "لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە دەقی شانۆییدا" توێژینەوەیەکی پراگماتیکیە، نموونەی توێژینەوەکەمان دەقی شانۆیی 'مەم و زین'ە لە کۆبەرهەمی شانۆیی 'تەڵعەت سامان'دا. هەوڵدراوە گونجاوترین نموونەی نێو دەقەکە هەڵبژێردرێت و بەپێی لێکەوتە و بنەماکانی هاریکاری شیانبکەینەوە، کە لەگەڵ ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بگونجێت.

### ١-٢: سنور و ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە ئاستی پراگماتیکدایە و بەپێی تیۆری 'وەسفی شیکاری' نموونەکان شیکراونەتەوە، نموونەکانیش تەنیا لە دەقی شانۆیی مەم و زین وەرگیراوە. ئەم دەقە شانۆییە هەرچەندە دەقێکی دڵدارییە، بەڵام لەپاڵ ئەمەدا نوسەر هەوڵی داوە ڕۆحیەتی مرۆڤ زیندوو بکاتەوە و هیوای پێببەخشێتەوە بۆ ئەم مەبەستەش شاکاری مەم و زینی هەڵبژاردووە، کە باس لە مێژوو، کلتور و دڵداری دەکات. دەقەکە پێکهاتووە لە شەش دیمەنی پەیوەندیدار بەیەکتری.

### ١-٣: هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

خاڵی گرنگ لە هەڵبژاردنی توێژینەوەکە، بریتیە لە کاریگەری ئەو پەیوەندییەی لەنێوان بەشداربووانی ئاخاوتندا هەیە، واتە بەشداربووان لە گفتوگۆکانیاندا شتێک دەڵێن و مەبەستیان شتێکی ترە، کە لە گوتنەکاندا بە ئاشکرا دەرنەبڕاون لەکاتێکدا سەرکەوتنی

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 2 (2023)
أُستلم البحث في 15 سبتمبر 2022؛ قُبل في 26 اكتوبر 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 25 أغسطس 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف : kalthum.khalid@epu.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2020 کەلسوم، ئازاد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

پرۆسەی پەیوەندیکردن بەستراوەتەوە بە هاریکاریکردنی نێوان قسەکەران و پابەندبوون بە بنەماکانی هاریکاری، کە لادان لەم بنەمایانە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی لێکەوتەی ئاخاوتەیی و جۆرەکانی.

**١-٤: ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە جگە لە ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتوە.

بەشی یەکەم: بریتیە لە چوارچێوەی توێژینەوەکە، کە لەمانە پێک دێت؛ ناونیشانی توێژینەوەکە، سنور و رێبازی توێژینەوەکە، هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە لەگەڵ ناوەڕۆکی توێژینەوەکە.

بەشی دووەم: بەشێکی تیۆری و کرداریە، تیایدا باس لە لێکەوتەی ئاخاوتەیی و بنەمای هاریکاری و جیبەجێکردنی بنەماکان و لادان لەم بنەمایانە کراوە، لەگەڵ جۆرەکانی لێکەوتەی ئاخاوتەیی. هەروەها هەوڵدراوە بەپێی بنەمای هاریکاری و لێکەوتەی ئاخاوتەیی، نموونەی گونجاو و پەیوەندیدار بەهەر جۆرێکیان بهێنرێتەوە و شیکردنەوەیان بۆ بکرێت بە پشت بەستن بەو نموونانەی لەنێو دەقی شانۆیی 'مەم و زین'دا هەیە.

لەکۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی پێشکەشکراوە.

## ٢: بەشی یەکەم: لێکەوتەی ئاخاوتەیی

### ٢-١: لێکەوتەی ئاخاوتەیی Conversational Implicature

لێکەوتەی ئاخاوتەیی یەکێکە لە بابەتەکانی پراگماتیک، کە تیایدا قسەکەر مانا و مەبەستی پەیامەکەی لەرێگەی گوتنەکانی ئاراستەی دەوروبەر دەکات، بەڵام بەگشتی بەشداربووانی ئاخاوتن ئەزموون و زانیاری هاوبەشیان هەیە بۆیە گفتوگۆکە دەتوانرێت بەبێ هیچ بەربەستێک بە ئەنجام بگەیەنرێت. چەمکی سەرەکی تیشک دەخاتە سەر پراگماتیک وەک لقێکی زمانەوانی، کە بریتیە لە چەمکی لێکەوتەی گفتوگۆیی، "ئەم بنەمایە سەرەتا لەلایەن فەیلەسوف پول گرایس لە وتارێکیدا لەژێر ناونیشانی لۆژیک و گفتوگۆ لە زانکۆی هارڤارد لە ساڵی ١٩٦٧ خرایەڕوو. خاڵی دەسپێک لای گرایس ئەوەبوو قسەکەران لە گفتوگۆکانیاندا شتێک دەڵێن و مەبەستیان شتێکی ترە، کە لە گوتنەکاندا بە ئاشکرا دەرنەبڕاوە لێکەوتەی ئاخاوتەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی زمان خرایەڕوو، کە ناتوانرێت بەهەر تیۆرێکی زمانەوانی گشتی ماناکانیان روونبکرێتەوە و لێکبدرێتەوە (Levinson, 1983, 97)، بەو واتایەی لێکەوتەی ئاخاوتەیی لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئاخاوتنە، قسەکەران لە گفتوگۆکانیاندا ئەوە دەردەبڕن کە مەبەستیانە، لەم پەیوەندییە واتاییەدا مانای هەر رستە و دەربڕاوێک زیاترە لەوەی، کە بە زمان دەگوترێت، لێکەوتە ئەو بەشەی پەیامەکەیە دەگات بە گوێگر کە بە زمان ناگوترێت، کەواتە لێکەوتە ستراتیژییەکە لە بەردەست خوێنەر یان گوێگردایە بۆئەوەی بتوانێت لە هێما زمانییەکان زیاتر سود وەربگرێت. 'بۆیە کاتێک گوێگر قسەیەک دەبیستێ لە سەرەتادا دەبێ وای دابنێت کە قسەکەر دەیەوێت هاوکاری بکات و پەیامێک بگەیەنێت، کە دەبێت ئەو پەیامە زیاتر لە واتای فەرهەنگی وشەکان خۆیان بێت' (George Yule, 2000, 35) بەم پێیە "لێکەوتە ئەوەیە کە قسەکەر پێشبینی دەکات و گوێگریش بە پشت بەستن بە بنەمای هاریکاری هەڵیدەهێنجێنێت" (عمر محمود، ٢٠٠٩، ٤). بەگشتی هەموو گوتەکان بە مانایەکی دیاریکراو دادەنرێت، کە گرایس مانا و مەبەستی قسەکە و لێکەوتەی ئاخاوتەیی بە بەشێک لە واتای ناسروشتی داناوە، کە مەبەستی قسەکەر لە پشت وشەکانەوەیە. تێگەیشتن لە لێکەوتە پێویستی بە کۆکردنەوەی ئاماژە زمانەوانی و کۆنتێکستەکان و بەکارهێنانە بۆ دەرئەنجامی قسەکەرانی ئاماژەپێکرا و مەبەستی پشت دەربڕاوەکان، کە زۆرجار قسەکەر مەبەستەکەی بەشێوەی نادیار دەردەبڕێت، بەڵام گوێگر دەبێت لە مەبەستەکەی تێبگات. "گرایس تێبینی ئەوەی کرد لە گفتوگۆکاندا زۆرجار مەبەستەکە زیاترە لەوەی کە دەگوترێت ئەم واتا زیادەیەش دەرئەنجامە و پێشبینی دەکرێت بە لێکەوتە هەڵبهێنجرێت، کە تیایدا ئاماژەکردنی شتێکە بە شتێکی تر، کە لێکەوتە وابەستەی کۆنتێکستە کە زانیاری هاوبەشە لەنێوان قسەکەر و گوێگردا (Kasim M. Basil, 2019,1) گرایس دەڵێت لێکەوتە گفتوگۆییەکان مانای ناڕاستەوخۆن. دەرئەنجامە پراگماتیکییەکان واتە ئەو گریمانانەی، کە وەرگران دەیکەن و ئەو کاریگەریانەی کە قسەکەران دروستی دەکەن، لێکەوتە ئاخاوتەییەکان بەستراونەتەوە بە وشە و دەستەواژەی تایبەت لە گوتندا، کە پشت بە مەودای بەرفراوانی زانیاری دەق دەبەستێت، لەوانەش زانیاری دەربارەی بەشداربووان و پەیوەندیان لەگەڵ یەکتریدا، بەم شێوەیە لێکەوتەی ئاخاوتەیی بە دیارترین دیمەنی بەرچاوکەوتنی زمانەوانی دادەنرێت، "لێکەوتەکان پابەندن بە کۆمەڵێک بنەمای گشتیەوە کە دەکەونە دەرەوەی رێکخستنی زمان و ئەو پەیوەندییەی مەبەستە، کە لەسەر بنەمای هاریکاری دامەزراوە لەگەڵ ئەوەشدا لێکەوتەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بنیاتی زمان هەیە (سروە فیصل، ٢٠١٠، ٣٦). بۆیە جیاوازییەکانی نێوان ئەوەی کە دەگوترێت و ئەوەی کە نیشان دەدرێت نابنە کێشە، چونکە بەشداربووانی ئاخاوتن پێشتر لەیەکتر گەیشتون بەمشێوەیە پێویست ناکات لێکەوتەکان بە ئاشکرایی دەربربردرێن.

- کاتژمێر چەندە؟
- هێشتا بانگی نەداوە.

بەشێوەیەکی گشتی هەردوو ڕستەکە پەیوەندیان بەیەکترەوە نییە، بەڵام لە ڕاستیدا هۆکاری دەرەوەی زمانەوانی لە بنیاتنانەوەی ڕستەکاندا بەشدارن.

لێکەوتەی ئاخاوتەیی حاڵەتێکی تایبەتی ئەو دۆخانەیە، کە مانای هەستپێکراوی تێدا درێژ دەبێتەوە لە دەرەوەی مانای وشەکان. بۆیە لێکەوتە شتێکە لە گفتوگۆدا ئاماژەی پێکراوە. واتە شتێک کە لە بەکارهێنانی راستەقینەی زماندا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەجێهێڵراوە (Haiyan Wang, 2011, 1162). لە پراگماتیکدا لێکەوتەی ئاخاوتەیی کردارێکی قسەکردنی ناڕاستەوخۆیە، ئەوەیە، کە لە گوتنی قسەکەرێکەوە مەبەستە بەشێک نییە لەوەی کە بەڕوونی دەگوترێت، واتە ئەوەی قسەکەرێک بەنیازە بیلێت لەڕووی تایبەتمەندییەوە زۆر زیاترە لەوەی ڕاستەوخۆ دەریدەبڕێت، کە دەکرێت گرنگی لێکەوتە لەچەند خاڵێکدا بخرێتەڕوو.

1. گرنگی لێکەوتە لەوەدایە، کە تەفسیری توانای قسەکەر دەکات بەوەی، کە ئەو واتا و چەمکەی دەیگەیەنێت زۆر زیاترە لەوەی کە دەیڵێن.
2. گرنگیەکی تر ئەوەیە، کە دتوانێت ئاسانکاری لە وەسفی بونیادی واتاییدا بکات.
3. یەکێکی تر لە گرنگیەکانی لێکەوتە ئەوەیە، کە بە پشت بەستن بە ژمارەیەکی کەم لە بنەما دەتوانین وتەی زۆر و جۆراوجۆر تەفسیر بکەین (عمر محمود، ٢٠٠٩، ٤).

**٢-٢: بنەمای هاریکاری Cooperative Principle**

بە باوەڕی گرایس ئاخاوتن چالاکیەکە، کە بە هاریکاری دێتە ئەنجام ئەم بیرۆکەیە لای گرایس شێوەی بنەمایەک وەردەگرێت، کە بە ناوی بنەمای هاریکاری ناوی دەرکردووە. گرایس بۆچوونی وایە کە ئێمە لە ئاخاوتندا لەڕێگەی بنەمای هاریکارییەوە بە واتای هاوبەش دەگەین، هەموو قسەکەرێک لەهەر کۆمەڵگایەکدا بێت پەیڕەوی دەکات, کە ئەمە دەقەکەیەتی "با گوتنەکە هێندە بێت و لەو کات و شوێنەدا بێت و بەو جۆرە بێت کە ئاخاوتنەکە دەیەوێت" (محمد معروف، ٢٠١١، ٢١٣). واتە بەپێی ئەم بنەمایە بێت ئاخاوتن شێوەیەکی رێکوپێک وەردەگرێت و ئاخاوتن گونجاو دەبێت، کە گرایس ئەم بنەما گشتیەی لە قسەکردندا هەیە کە بەهۆیانەوە مەبەستی ئاخاوتن دەگاتە ئەنجام بۆ چوار بنەمای وردتر دابەش کردووە، ئەم چوار بنەما وردانەش لەلایەن ئەو کەسانەوە چاودێری دەکرێن، کە بنەمای هاریکاری پەیڕەو دەکەن لە بەدواداچوونی پەیوەندی کاریگەر، بەکارهێنانی ئەم بنەمایانەش ڕێگایەکە بۆ روونکردنەوەی پەیوەندی نێوان گوتەکان و ئەوەی لێیان تێدەگەن، ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

**٢-٢-١: بنەمای چەندایەتی Quantity**

ئەم بنەمایە پەیوەستە بە ڕادە و چەندیەتی ئەو زانیاریانەی، کە قسەکەر لە پرۆسەی گفتوگۆدا دەیبەخشێ، کە ئەم بنەمایەش بەهۆی دوو بنەمای ترەوە پەیڕەو دەکرێت:

- با گوتنەکەت هێندە زانیاری بەخش بێت کە پێویستە.
- گوتنەکەت زیاتر زانیاری بەخش نەبێت لەوەی کە پێویستە (Grice, 1975, 45).

پابەندبوون بەم بنەمایە سودی بۆ هەردوو بەشداربوانی ئاخاوتن هەیە (قسەکەر و گوێگر) بۆئەوەی بە ئاسانی پرۆسەی ئاخاوتنەکە بەرێوەبچێت و زانیاری ئالوگۆڕ بکەن.

- **چەکۆ: ئەرێ براینە مەم و تاژدین دەناسن؟**
- **ستی: نەخێر**

لەم نموونەیەدا قسەکەر بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ڕوون پرسیارەکەی ئاراستەی گوێگر کردووە لە بەرانبەردا گوێگر پابەندی بنەمای چەندیەتی بووە و هاریکار بووە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکە و بەگوێرەی پێویست وەڵامی قسەکەری داوەتەوە بەمەش بڕی ئەو زانیارییەی پێشکەشی کردووە نە زیادە نە کەم.

لە نموونەیەکی تری دەقی شانۆیی مەم و زیندا ، مەم و زین بەمشێوەیە گفتوگۆ دەکەن و پابەندی بنەمای چەندیەتین.

- **مەم: پێم بڵێ زین ئەگەر کاکت ئێستا بەم جۆرە ئێمەی دی؟**
- **زین: دەمانکوژێ**
- **مەم : بەکام تاوان؟**
- **زین: وەستان لە دژی نەریت و خوو**

لەم دەقەشدا گوێگر بە ئاسانی لە وەڵامی قسەکەر دەگات و بەشێوەیەکی ئاسان و ڕاستەوخۆ وەڵام دەداتەوە و پابەندی بنەمای چەندیەتی دەبێت بەوەی زیاد لە پێویست زانیاری نەبەخشیوە و هاریکار بووە لە گفتوگۆکەدا.

**٢-٢-٢: بنەمای چۆنیەتی Quality**

ئەم بنەمایە پەیوەستە بە ڕاستی و دروستی ئەو زانیاریانەی کە بەشداربووانی ئاخاوتن دەیدەن، شتی نا دروست و بێ بەڵگە نەبەخشرێت، ئەم بنەمایە لەسەر دوو یاسای وردتر جێبەجێدەکرێت:

- ئەوەی کە پێت وایە نادروستە مەیڵێ.
- شتێک مەڵێ، کە بەڵگەی دیارت لەسەر نییە (Grice , 1975, 46).

بەگوێرەی ئەم بنەمایانەوە ئەبێت بەشداربووانی ئاخاوتن لەکاتی گفتوگۆدا زانیاری دروست و بەڵگەدار پێشکەش بەیەکتر بکەن.

- **شالیار: ئەوە چیتان لێ قەوماوە؟ وا دەزانن مەسەلەکە لەسەر بڕیاری ئەوان وەستاوە! ئێوە دەزانن خوشکی میر شوو بەهەرکەسێ ناکەن.**
- **تاژدین: باوکە کاکە مەم هەرکەسێ نییە...**

لەم گفتوگۆیەی نێوان شالیار و تاژدیندا دەردەکەوێت، کە پابەندی بنەمای چۆنیەتین و قسەکانیان راست و دروستن و بەڵگەدارن، ڕاستی و دروستی گفتوگۆکەی نێوانیان بەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە پێوەری کۆمەڵایەتی و داب و نەریتی نێو بنەماڵەی میرەکان پشت راستی ئەم قسانە دەکەنەوە بەوەی کە میرەکان کچ و خوشکی خۆیان نادەن بە کەسانی چینی خوار خۆیان، لە وەڵامی تاژدین دیارە کە مەم بەهەمان شێوە یەکێکە لە کوڕانی بنەماڵەی میر، بۆیە بەشێوەیەکی راست و بەڵگەدار دەدوێن.

- **بەکر: گەورەم، تاژدین زانی مەمی هاوڕێی لێی قەوماوە جەنابتی لە خشتە برد... چوو یەکسەر ئاگری لە کۆشک بەردا، تا جەنابت بەشتی لاوەکییەوە خەریک بکا، بە مەبەست ماڵی خۆی سووتاند.**

لەم نموونەیەدا قسەکەر پابەندی بنەمای چۆنیەتی بووە و زانیارییەکی دروستی پێشکەشکردووە و بەڵگەی راستی لەسەر قسەکانی هەیە، بەوەی کە تاژدین بۆ ئەوەی مەم لە شەڕی میر رزگار بکات بە ئەنقەست ماڵەکەی سوتاندووە.

**٢-٢-٣: بنەمای پەیوەندی Relation**

بەپێی بنەمای پەیوەندی پێویستە قسەکەر گوتنەکەی وابەستە و پەیوەندیدار بێت بە بابەتی ئاخاوتنەکەوە، وتنەکان لە باروشیاوبن بۆ ئەو شوێن و کاتەی تیایدا بەکاردێن، ئەم بنەمایە دەڵێت: "داکۆ گوتنا تە گونجای بیت بۆ جهێ تە" (شێرزاد سەبری، ٢٠١٤، ١٨٥).

- **بەکر: مەم بڕیاری داوە بە یارمەتی تاژدین هەفتەی سێ جار ژوان بکەن.**
- **میر: لەکوێ؟**
- **بەکر: لە کۆشکی سوتاوی تاژدین.**

لەم گفتوگۆیەدا وەرگر بنەمای پەیوەندی جێبەجێکردووە، چونکە وەڵامەکەی پەیوەندیدارە بە پرسیاری قسەکەرەوە و راستەوخۆ وەڵامی داوەتەوە.

- **زین: باشە.. تۆ .. خۆشەویستی بەچی تێدەگەی؟**
- **مەم: دلسۆزی و ئەمەک تا دوا خورپەی دڵم.**

لەم نموونەیەشدا قسەکەر بەشێوەیەکی ڕوون پرسیارەکەی ئاراستەی وەرگر کردووە، لەبەرانبەردا وەرگر پابەندی بنەمای پەیوەندی بووە و وەڵامێکی پەیوەندیداری پرسیارەکەی قسەکەری داوەتەوە بەوەی کەوا خۆشەویستی دڵسۆزی و ئەمەکدارییە.

**٤-٢-٢: بنەمای شێواز Manner**

ئەم بنەمایە جەخت لەسەر شێوازی ئاخاوتن دەکاتەوە، کە پێویستە ئاخاوتنەکەمان ڕوون و ئاشکرا بێت ودووربێت لە لێڵی، کە ئەم بنەمایە لەسەر چوار یاسا بنیات نراوە بەم شێوەیە:

- خۆبپارێزن لە دەربڕینی تەم و مژاوی و لێڵ.
- خۆ بپارێزن لە لێڵی و لە ناڕوونی.
- خۆبپارێزە لە زیادە گوتنی نا پێویست.
- گوتنەکەت توکمەبێت، ڕیزبەندی گوتنەکانت لەبەرچاو بگرە (Yule, 2000, 37).

ئەم بنەمایە پەیوەستە بەشێوازی ئاخاوتن کەچی بنەماکانی تر پەیوەستن بە ناوەڕۆکی گوتنەوە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم بنەمایە لە دەقی شانۆییدا کەمتر بەرچاو دەکەوێت لە ئاست بنەماکانی تردا، چونکە ئەم بنەمایە پێویستی بە دەروبەر دەبێت بۆ تێگەیشتن لە بەشداربوانی ئاخاوتن.

- **میر: ... مەم سیخوڕە بۆ ئاژاوە نانەوە هاتۆتە بۆتان... پیلانەکەشیان بەم جۆرەیە... یەکەم دووبەرەکی و لێکترازان ... دووەم کە کێشەکە پەیدابوو ئاگرەکە خۆشبکا و بەرپرسانی بۆتان خەریک بکا بەو گرفتە ناوخۆییانە...سێیەم ئاگاداری سەرخاب دەکاتەوەو دەڵێ فەرموو میرم وا کێشەکە پێکەیی.**

قسەکەر لەم دەربڕینەدا پابەندی بنەمای شێواز بووە و جێبەجێی کردووە بەوەی ڕووداوەکانی ڕیزکردوون لەدوای یەک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پابەندی بنەمای چۆنیەتی نەبووە بەوەی ڕاستی لە قسەکانیدا بەدی ناکرێ، بەڵام بنەمای شێوازی پاراستووە بە تایبەت یاسای چوارەم لەم بنەمایەدا، کە دەڵێت ڕەچاوی ڕیزبەندی گوتنەکانت بکە.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە بزانین، کە لە توانای هیچ قسەکەرێکدا نیە لەکاتی قسەکردندا هەموو بنەماکان پەیڕەو بکات، چونکە زۆرجار هەندێک کات وشوێن و بارودۆخی تایبەت وا دەخوازێت، کە بەشداربوانی ئاخاوتن هاریکاری نیشان نەدەن بەرانبەر بە یەکتری و لە بنەماکانی گفتوگۆردن لابدەن. هەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوەی شتەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و سنوردارکردن وەک ئاماژەی پێدراوە، بنەماکانی گرایس زۆرێک لە کاریگەرییەکان ڕوون دەکاتەوە، کە لە گوتاردا ڕوودەدەن. واتە مرۆڤ دەتوانێت سەیری زۆر لە ڕاستیەکان بکات وەک ئەوەی لەلایەن ئەوەوە جێگیرکراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشبینی ئەو شتانەش دەکەن، کە ڕوونادەن بەهۆی پابەندنەبوونی قسەکەران بە بنەماکانی هاریکاری و بنەما وردەکانی.

**٢-٣: لادان لە بنەمای هاریکاری Violation of the Cooperative Principle**

**٢-٣-١: لادان لە بنەمای چەندایەتی Deviation from the quantitative principle**

ناوەڕۆکی ئەم بنەمایە ئەوەیە، کە قسەکەر دەبێت بەگوێرەی پێویست زانیاری ببەخشێت، بەڵام زۆرجار قسەکەر پابەندی ئەم بنەمایە نابێت، کەمتر یان زیاتر لەو زانیارییە دەبەخشێت کە پێویستە "ئەگەر بەشداری گوێگر بەگوێرەی پێویست نەبێت، ئەوە ئەم لادانە لە نەزانینەوە نییە بەڵکو بۆ ئەوەیە نایەوێ هەستی خۆی ڕاستەوخۆ دەربڕێت" (عبدالواحد مشیر، ٢٠١٤، ١٠٤).

- **میر: ... بەڕاست! واتە ئەگەر ئێستا هێرش بەرنە سەر سۆران دەچیتە ئەوێ؟**
- **مەم: بەڵێ گەورەم. من پارچەکانی کوردستان لە یەکتری جیا ناکەمەوە...**
- **میر: ئافەرین...واتە جەنابت شارەزاییت زۆرە...ئاخر مامۆستا هیچ جار لە دەرەوەی بۆتان بەشداریت کردووە؟**
- **مەم: بەڵێ...لە جەنگی ئەردەلان دژی قزلباشەکان.**

لەم گفتوگۆیەی نێوان میر و مەمدا ڕەچاوی بنەمای چەندایەتی نەکراوە و لادان لەم بنەمایەدا هاتۆتە کایەوە، چونکە قسەکەری دووەم زانیاری زیاتری بەخشیوە لەوەی لە پرسیاری قسەکەری یەکەم داواکراوە، کە دەیتوانی تەنیا بە 'بەڵێ' وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە پێویستی بەو زانیارییە زیادە نەبوو لە وەڵامی هەردوو پرسیارەکەدا.

**٢-٣-٢: لادان لە بنەمای چۆنیەتی Deviation from the principle Quality**

زۆرجار لادان لەم بنەمایە بەرچاو دەکەوێت، ئەویش لەو کاتەدایە، کە گومان لە ئاخاوتندا هەبێت و قسەکەر شتێک بڵێت ڕاست نەبێت و گومان لە قسەکانیدا هەبێت و بەڵگەدار نەبێت (عادل الفاخوری، ١٩٨٩، ١٥٤). لەگەڵ ئەوەشدا لادان لەم بنەمایە بەچەند ڕێگەیەک دەبێت، ئەویش لەم بارانەوە دەردەکەوێت 'گاڵتەپێکردن و توانج لێدان، خواستن، دژیەکبوون، لە سنور دەرچوون، زێدەڕۆیی، کەمکردنەوە' کە لە نموونەکاندا ئاماژەی پێدەکەین. هەروەها لادان لەم بنەمایە لەوانەیە بە ئاسانی هەستی پێنەکرێت یان دوای مایەوەیەک لە ڕوودانی درکی پێ بکرێت، چونکە پەیوەندی بە ڕاستی و دروستی زانیارییەکانەوە هەیە.

- **مەم: ئافەرین زین ... مادامەکی خونچەی وەک تۆ لەم وڵاتە دەپشکوێ، من گەشبینم ڕۆژێ هەردێ، خونچە و شالووری کوردستان لەسەر ئاوازی ئازادی سەما دەکەن.**

لەم نموونەیەدا وشەی خونچە بە مەبەستی گوڵ نایەت، بەڵکو وەسفی خاتوو زینی پێکراوە لە واتا فەرهەنگیەکەی دوور کەوتۆتەوە بۆ واتای تر بەکارهێنراوە بەشێوەی خواستن دوور لە واتا ڕاستەقینەکەی.

- **میر: برایان مەم چۆن دەمڕوخێنێ!؟ تا وەک شۆڕشگێڕان هێرش بباتە سەر کۆشک... یا وەک شالیارێکی پیلانگێڕ لە دەرفەتێکدا توزێ ژەهرم بۆ لەناو پەرداخێ بکا...نەخێر نا، بەو ڕێگا کۆنانە...بەڵکو بەجۆرێکی تازە و نوێ...هەر لەژێرەکی ئەم دەوەشێتەوە بەجۆرێکی ئاسان بێ ئەوەی یەک دڵۆپ خوێن بڕژێ...**

لەم نموونەیەدا لادان لە بنەمای چۆنیەتی درووست بووە بەوەی، کە قسەکەر هەندێک زانیاری لەبارەی مەم خستۆتەڕوو دوورن لە ڕاستی و بەبێ بەڵگە قسەی کردووە، چونکە ئەوەی زانیاری لەبارەی ئەم داستانەوە هەبێت بۆی دەردەکەوێت، کە دەربڕینەکانی قسەکەر هەمووی دوورن لە ڕاستیەوە، مەم کەسێک نەبووە چاوی لە ڕووخانی میر بێت تا بە ئەنقەست و لەڕێگەی خۆشەویستی خوشکەکەی لێی نزیک بێتەوە و لەناوی ببات بۆیە قسەکانی دوورن لە ڕاستی، یەکێک لە بنەما وردەکانی بنەمای چۆنیەتیش ئەوەیە، کە دەڵێت قسەکانت ڕاست و بەڵگەداربن و بێ بەڵگە قسە مەکە.

لەم نموونەیەی خوارەوەشدا نامەیەکە لەلایەن مەم لە زیندانەوە بۆ خاتوو زینی ناردووە تیایدا ڕەچاوی بنەمای چۆنیەتی نەکردووە بەوەی ئەم وتانەی لەنێو نامەکەدا بەکارهاتووە هەمووی دوورن لە ڕاستی و بێ بنەمان، چونکە مەم لەبەر خۆشەویستی

و عەشقی زۆری بۆ زین دەکەوێتە زیندان، بەڵام مەم بۆئەوەی دڵدارەکەی لە خەم و پەژارە دووربخاتەوە ئەم وتانەی دەربڕیوە بەخۆ تاوانبارکردن و ناپاکی کردن لە میر و زین، کە بەم شێوەیە نوسیویەتی:

- **خاتوو زین ... وا تێمەگە من لەم زیندانە پەژارم کار و پیشەم بۆ ژوانت هەر گریانە، بە ئازارم... نەخێر زین گیان...شادمانم ...لەیادم بکە...چونکە لە گەڵتا ناپاک بووم من گاڵتەم پێکردی...لە یادم بکە...کە میر وتی زینت پێشکە بێ پێکەنیم و گاڵتەم پێ هات. تۆچی تا من بتخوازم! من تۆم ناوێ.**

**٢-٣-٣: لادان لە بنەمای پەیوەندی Deviation from the principle of Relation**

لادان لەم بنەمایە لە ئاخاوتنی ئاساییدا کەمتر بەرچاو دەکەوێت، ئەمەش لەبەرئەوەیە ئەم بنەمایە زۆر گرنگە لە گفتوگۆکردندا، لادان لێی گرفتی گەورە لە پەیوەندیکردندا دروست دەکات (سروە فیصل، ٢٠١٠، ٦٠).

- **بەنگین: ئەرێ خوشکینە مەم و تاژدینتان نەبینیوە؟**
- **تاژدین: مەم و تاژدین کێن؟**

لەم نموونەیەدا لادان لە بنەمای پەیوەندی دروست بووە، چونکە قسەکەری دووەم ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکەی نەداوەتەوە و خۆی لێ نەناس کردووە و بەشێوازی پرسیار وەڵامی داوەتەوە و پابەندی بنەمای پەیوەندی نەبووە، لەکاتێکدا قسەکەری دووەم خودی خۆی ئەو کەسەیە، کە پرسیاری لەبارەوە کراوە، کە بەهۆی کارێکەوە شێوازی جل و بەرگ و قسەکردنی گۆڕیوە تا نەناسرێتەوە.

- **شالیار: خۆشەویستی ڕێکەوتە...دوورنیە میرزادەیەک حەز لە کچە سەپانێک بکا و دەشکرێ شازادەیەک بە ئاگری شوانێک بسوتێ...**
- **مەم: جا دەگونجێ ئەم شوانە بتوانێ شازادەکە بخوازێ؟**
- **شالیار: خۆشەویستی شتێکە و خوازبێنی شتێکی ترە، خۆشەویستی تەبایە لەنێوان دوو دڵان، کەچی خوازبێنی تەبایە لەنێوان دوو خێزان. هەربۆیەشە جاروبار تەگەرە دەکەوێتە بەردەم دڵداران.**

لەم گفتوگۆیەی نێوان مەم و شالیار لەبارەی خۆشەویستیەوە لە بنەمای پەیوەندی لادراوە بەوەی، کە مەم بەشێوەیەکی ئاسایی پرسیار لە شالیار دەکات، کە ئایا گونجاوە شوانێک شازادەیەک بخوازێ لە بەرانبەردا شالیار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکەی مەم نەداتەوە بەوەی کە ئایا دەگونجێ یان ناگونجێ، بەڵکو خۆشەویستی و خوازبێنی بە دوو شتی جیاواز داناوە و دەیبەستێتەوە بە جیاوازی بیروباوەڕ و داب و نەریتەوە ئەمەش لەپێناو پاراستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیە.

- **میر: دەبە ئاشکرایی و بێ پێچ و پەنا بیدرکێنە، ئاخۆ بە چ هۆیەک دەتەوێ ئەم هیوا قورسەت ئەنجام بدەی...**
- **مەم: خاوەن شکۆ ئەم قسانەت دەمشێوێنێ...**

لە بنەمای پەیوەندی پێویستە وەڵامی گوێگر پەیوەندی بە پرسیاری قسەکەرەوە هەبێت، بەڵام ئەوەی لەم نموونەیەدا تێبینی دەکرێت پێچەوانەی بنەماکەیە بەوەی، کە وەڵامی مەم لەگەڵ پسیاری میر ناگونجێ چونکە میر پرسیار دەکات سەبارەت بەوەی کە مەم چۆن و بە چ ڕێگایەک هیوا و ئامانجەکانی دێنێتەدی، بەڵام لە بەرانبەردا مەم بە ڕەوانی وەڵامی پرسیاری میر ناداتەوە، کە پەیوەندیداربێت بە پرسیارەکەوە.

**٢-٣-٤: لادان لە بنەمای شێواز deviation from the principle of Manner**

لادان لەم بنەمایە ئەوکاتە ڕوودەدات، کە قسەکەر لە یەکێک لە بنەما وردەکانی ئەم بنەمایە لابدات، کە ئەویش لەم بارانەوە دەردەکەوێت 'پۆشین، لێڵی، درێژدادڕی'.

- **بەکر: هەر ئێستا دەچمە لای میر و جەنگ ڕادەگرم...ئەوجا بەکری مەرگەوەڕ دەناسن. بەنگین بەدوایدا ڕادەکات لەپڕ دەوەستێ**
- **بەنگین: جەنابی شالیار واهات.**
- **مەم: تاژدین گوێ مەدەرێ، ئەم سەگە چییە؟ چۆن دەستی خۆتی پێ پیس دەکەی.**

لە بنەمای شێواز لادراوە، چونکە وشەی سەگ واتا فەرهەنگییەکەی ناوی ئاژەڵێکە، بەڵام لەم نموونەیەدا قسەکەر وشەی سەگی بەرانبەر بە دەرگەوانی میر بەکارهێناوە، چونکە یەکێک لەو سیفەتانەی ئەم ئاژەڵە هەیەتی پاسەوانی کردنی خاوەنەکەیەتی و شوێنی بەردەرگایە. لەم دەقەدا قسەکەر مەبەستی خودی ئاژەڵەکە نییە بەڵکو مەبەست لێی دەرگەوانی میرە 'بەکری مەرگەوەڕ' لە بنەمای شێواز لایداوە و سەگی بە واتا فەرهەنگیەکەی بەکارنەهێناوە.

- **زین: مەم!؟**
- **مەم: گیانی مەم...**
- **زین: ئاخۆ مرازمان دێتە دی..؟**
- **مەم: هیوادارم بەڵام دەترسم.**
- **زین: لەچی دەترسی!؟**
- **مەم: لە ڕۆژگار...**

ئەگەر سەرنجی ئەم گفتوگۆیەی نێوان مەم و زین بدەین دەبینین لادان لە بنەمای شێوازی بە ئاسانی تێدا دەرکەوتووە، کە تیایدا زین پرسیار دەکات سەبارەت بە هاتنەدی مرازیان، کە ئەو خۆشەویستیە مەزنەی نێوانیانە، بەڵام لە بەرانبەردا مەم بەشێوەیکی ناڕوون و لێڵ وەڵامی پرسیارەکەی زین دەداتەوە، کە دەڵێت لە ڕۆژگار دەترسم، نازانین لێرەدا مەبەستی لەم دەربڕینەدا چیە، چونکە لەلایەک میرنشینەکەیان ڕووبەڕووی جەنگ دەبێوە لەلایەکی تر میری برای زین بەم خۆشەویستیەی نێوانیان ڕازی نەبوو.

- **میر: بۆ وا سەرسامن؟ چی بووە؟**
- **شالیار: گەورەم پشتیوان و یاریدەدەرت بێ...ئەگەر زوو برینەکانمان سارێژ نەکەین پێڕا ناگەین...پیس و ئاوذ دەبن...برین نەماوە تەشەنە نەکا...**

یەکێ لە یاسا و بنەما وردەکانی بنەمای شێواز دووركەوتنەوەیە لە دەربڕینی لێڵ، بەڵام ئەوەی لەم دەربڕیندا بەدی دەکرێت پێچەوانەی ئەم بنەمایەیە، کە قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕوون و لێڵ وتەکانی دەربڕیوە، کە گوێگر بە ئاسانی نازانێ مەبەستی قسەکەر لە برینەکان کام برینەیە، ئایا برینی جەستە دەڵێت یان ئەو بارودۆخە ناهەموارەی لەناو

میرنشینەکەدا هەیە، بەچەندین کێشەی جیاجیادا تێپەڕ دەبوو لەوکاتەدا. کێشەی نێوان میرو مەم لەبەر خاتوو زینی خوشکی میر، یان کێشەی میر لەگەڵ بێژەن ئۆغڵی یان ترسی میرلە هێرشی میر سەرخاب برای مەم لە پای ئەو ناحەقیەی دەرحەق بە مەم کرابوو.

سەرەرای ئەم نموونانەی شیکراونەتەوە و خراونەتەروو لەبارەی پابەندنەبوون بە بنەماکانی هاریکاری و بنەما وردەکانەوە، بەپێی ئەم نموونانەی لە دەقەکەدا وەرگیراوە ئەنجامی بەدەستهاتوو لەم خشتەیەدا زیاتر روونکراوەتەوە.

**٢-٤: تایبەتمەندییەکانی لێکەوتەی ئاخاوتەیی Characteristics of Conversational Implicature**

بە بۆچوونی گرایس ١٩٧٥لێکەوتەی ئاخاوتەیی پێنج تایبەتمەندی هەیە کەبریتین لەمانە.

- **هەڵوەشاندنەوە** Cancellability

لێکەوتەی ئاخاوتەیی رەتدەکرێتەوە ئەگەر هاتوو هەندێک مەرجی پێشینە بۆ بنەچەکەی زیاد بکرێت. ئەمەش واتە دەتوانرێت بە زانیاری زیاتر یان کۆنتێکستی زیاتر مانا ئاماژەپێکراوەکە لابرێت.

- **جیا نەبۆوە** non-detachability

لێکەوتەی ئاخاوتەیی بە ناوەڕۆکی واتاسازی بەستراوەتەوە نەک بە فۆڕمی زمانەوانی بەکارهێنراو، بۆیە دەتوانرێت هاو واتایەک بەکاربهێنرێت و لێکەوتەکە وەک خۆی بهێلرێتەوە، کە بە زۆری لەیەک جیا ناکرێنەوە و ئەمەش مانای ئەوەیە کە پشت بە مانا دەبەستن نەک بە فۆرمولەکردن، بۆیە دەتوانرێت بە شێوەی وەرگێڕان وەربگیرێت.

- **توانای هەژمارکردن** Calculability

لێکەوتەی ئاخاوتەیی گوتارێک جیاوازە لە مانای وشەیی، هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان ئەم دووانەدا نییە، کەواتە ئەگەر بیەوێت بەمشێوەیەی کە قسەکەر مەبەستیەتی سەرکەوتوبێت، دەبێت رێگەیەک هەبێت بۆئەوەی بیسەر کاری لەسەر بکات.

- **دووبارەنەکردنەوە نا تەقلیدی** Non-Conventionality

لێکەوتەی ئاخاوتەیی مانایەکی زیادەیە نەک لە وشەی بەکارهێنراودا، مرۆڤ ناتوانێت لێکەوتەی ئاخاوتەیی بدۆزێتەوە کە لە فەرهەنگدا هاتووە. بۆئەوەی مرۆڤ کاریگەری و مانای گفتوگۆیی و ئەو چوارچێوەیەی کە تیایدا بەکاردەهێنرێت بزانێت پێویستە لەمانای ئاسایی دەقەکە تێبگات. **نا** تەقلیدین بەو پێیەی بەشێک نین لە واتای وشەیی ڕستەکە، و دەتوانن پشت بە کۆنتێکست ببەستن.

- **نادیاریکردن** Indeterminacy

دەربڕینێک کە یەک مانای هەبێت لە بۆتە جیاوازەکاندا دەتوانێت کاریگەری جیاواز دروست بکات (Haiyan Wang, 2011, 11'3).

پەیوەندی گفتوگۆیی بریتیە لە هاوبەشیکردنی بیرۆکەکان، زانین و هەست، ئەمەش بەو مانایەی کە زۆرجار خەڵک پەیوەندی دەکەن بۆ گەیاندنی بیرۆکەکانیان و زانیاری و دەربڕینی هەستەکانیان لە ژیانی ڕۆژانەدا. بەبێ پەیوەندی مرۆڤەکان ناتوانن کۆمەڵایەتی بن لەگەڵ یەکتر، بۆئەوەی پەیوەندی نێوان بەشداربوان کاریگەربێت چ گوێگر و چ قسەکەر دەبێ بە وردی تێبگەن ئەو زانیاریانەی کە قسەکەران مەبەستیانە. بەگشتی مرۆڤەکان هەوڵدەدەن وتەکان راستەوخۆ یان هەندێکجار مانای ئاماژەپێکراو بەکاردەهێنن بۆ گەیاندنی بیرۆکەکانیان، بەو نیازەی شتێکی تایبەتتر لەگەڵ زیادکردنی مانای زیادە لە گوتنەکانیاندا، کە بە مانای شاراوە یان ناراستەوخۆی گوتەکان ناودەبرێن "گرایس ئەوەی دەستنیشان کردووە کە لێکەوتەی ئاخاوتەیی دوو جۆرن، ئەوانیش بریتین لە لێکەوتەی ئاخاوتەیی گشتی و لێکەوتەی ئاخاوتەیی تایبەتی، کە لێکەوتەی ئاخاوتەی گشتی دوور لە دەوروبەر هەڵدەهێنجرێت، بەڵام لێکەوتەی ئاخاوتەیی تایبەتی لەڕێگەی دەورووبەرەوە واتاکەی بەدەست دەهێنرێت" (Latif Amrullah, 2015, 59).

واتە جیاوازی نێوانیان ئەوەیە، کە یەکەمیان پشت بە شتێکی تر دەبەستێت جگە لەوەی لەبەکارهێنانی ئاسایی یان ماناو فۆڕمدایە لەکاتێکدا دووەمیان لە کۆمەڵێک بنەمای گشتگیرەوە وەرگیراون کە گفتوگۆ رێکدەخەن و بەڕێوەدەبەن (Lyons aJohn, 1995, 275).

**٢-٥: جۆرەکانی لێکەوتەی ئاخاوتەیی types of Conversational Implicature**

گرنگی بنەمای هاریکاری و بنەما وردەکانی لەوەدایە ئەگەر جێبەجێبکرێت ئەوا جۆرێک لە لێکەوتە و ئەنجامیان لێدەکەوێتەوە، ئەگەر جێبەجێش نەکرێن ئەوا جۆرێکی تری لێکەوتەی لێدەکەوێتەوە (عمر محمود، ٢٠٠٩، ٨)، کە دەرێت بەم شێوەیە جۆرەکانی لێکەوتە بخەینەڕوو:

**٢-٥-١: لێکەوتەی ستاندەر Standard implicature**

ئەم جۆرەی لێکەوتە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی بنەماکانی هاریکاری و بنەما وردەکانی ترەوە دەستەبەر دەرکرێت (محمد معروف، ٢٠١١، ٢١٥).

- **بەکر: جارێ پێم بڵێ جەنابت پیاوی کێی؟**
- **دەروێش: سەرۆکم، سلێمان بەگ بێژەن ئۆغڵی.**

لەم نموونەیەدا گوێگر پابەندی بنەمای چەندییەتی بووە، چونکە بڕی ئەو زانیارییەی پێشکەشی کردووە بەگوێرەی پێویست بووە نە زیادە نە کەم.

- **بەکر: ئەرێ دەتوانم شتێ بڵێم..**
- **تاژدین: نەخێر**

لەم نموونەیەدا گوێگر بە ئاسانی لە وەڵامی قسەکەر دەگات، چونکە پابەندی هەر چوار بنەماکەی هاریکای بووە و بەشێوەیەکی ڕوون وەڵامی قسەکەری داوەتەوە.

- **بەکر: ئۆخەی وا لە هەنگاوی یەکەم سەرکەوتم .. توانیم ژەهری گومان بخەمە دڵیان، بەڵام من بۆ لێرە وەستاوم .. با بڕۆم پیلان بۆ هەنگاوی داهاتوو دابڕێژم...**

لەم دەربڕینەدا قسەکەر بنەمای چۆنیەتی جێبەجێکردووە، چونکە قسەیەکی راست و دروستی کردووە بەوەی کە بەکری مەرگەوەڕ کەسێکی شەڕانی و ناپاک و خراپ بووە بە گەڕانەوە بۆ دەقە شانۆییەکە و خوێندنەوەی، بەڵگەی راستی قسەکانی قسەکەر پشت راست دەکەنەوە.

**٢-٥-٢: لێکەوتەی ناستاندەر Non-Standard implicature**

ئەم جۆرەی لێکەوتە پێچەوانەی لێکەوتەی ستاندەردە، کە بەهۆی لادان لە بنەماکانی هاریکارییەوە دێتە ئاراوە (محمد معروف، ٢٠١١، ٢٠١٦).

- **بەکر: میرم چۆن وا مەمت بە ئاسانی بەڕەڵا کرد...**
- **میر: ئەی چی بکەم!**

لەم نموونەیەدا گوێگر پابەندی بنەمای پەیوەندی نەبووە، چونکە راستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکەی قسەکەری نەداوەتەوە، بەڵکو بەشێوازی پرسیار گوتەکەی دەربڕیوە لە کاتێکدا دەیتوانی بەشێوەیەکی ئاسایی هۆکاری ئازادکردنی بڵێت، بەڵام بەشێوەی گوماناوی و دوو دڵیەوە قسەکەی دەردەبڕێت.

- **شالیار: ها تاژدین چی روویداوە؟**
- **تاژدین: دنیا شلەژاوە.**

لەم گفتوگۆیەدا لادان لە بنەمای شێواز بەدی دەکرێت، بەوەی گوێگر بەشێوەیەکی روون وەڵامی قسەکەر ناداتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە تاکو کەسانی دەوروبەری توشی ترس و دڵەراوکێیی زۆرنەبن سەبارەت بەو رووداوانەی لەناو میرنشینەکەدا گوزەردەکەن.

- **تاژدین: میرم مەم...**
- **مەم: وازبێنە با مەسەلەکە گەورەتر نەبێت.**
- **میر: مەم پیلانگێڕە .. هیوا قورسەکەشی رووخاندنی جەنابمە...**

لەم نموونەیەدا لێکەوتە درووست بووە بەوەی بنەمای چۆنیەتی جێبەجێنەکراوە، چونکە میر لە دەربڕینەکانیدا هیچ بەڵگەیەکی راست و دروستی لەبەردەستدا نیە، کە بیسەلمێنێت مەم پیلانگێڕ و ناپاک بێت بەوجۆرەی کە میر باسی لێوە دەکات، بگرە قسەکانی دوورن لە راستیەوە، چونکە بە گەڕانەوە بۆ دەقەکە بۆمان دەدەکەوێت، کە مەم لاوێکی بە ئەمەک و شۆڕشگێڕە و ئامانجی ئاشتی و تەبایی نێوان میرنشینەکانە. جگە لەم دوو جۆرەی لێکەوتە جۆرە دابەشکردنێکی تر بۆ لێکەوتەی ئاخاوتەیی کراوە کە بریتین لەمانە:

### ٢-٥-٣: لێکەوتەی ئاخاوتەیی گشتی Generalized Conversational Implicature

لەم جۆرەدا هیچ زانیارییەکی تایبەت لە دەوروبەری گوتنەکە پێویست نیە بۆ بەدەستهێنانێ مانای گوتنەکە، چونکە لێکەوتەکە لەناو پێکهاتەی گوتنەکە بەدەست دێت (Levinson, 1983, 126).

واتە هەرکات پێوانی واتا گەیشتووە زیادەکە لەدەوروبەری ئاخاوتن پێویستی بە زانینێکی تایبەت نەبێت بە لێکەوتەی گشتی ناودەبرێت (George Yule, 2000, 40).

- **تاژدین: مەم تکایە پشووت فراوان بێت، کە خۆت بەڵێنتدا ئەمڕۆ چیم وت لایەنگیرم بی!**
- **مەم: نازانم ئێمە سیخوڕین، چاودێرین، چین؟! ئەو نەورۆزە خۆشەمان بەخۆڕایی لەدەست خۆماندا... نە لاوێکیان بیست نە بەستەیەک...هەتا شایشیان نەکرد...بۆ ڕیش هاتین سمێلیشیان لەسەر دانا.**

لەم نموونەیەدا لێکەوتەی ئەوەی لێهەڵدەهێنجرێت، کە ئەوکاتی مەم و تاژدین بە ئەرک دەرچوونە نەورۆز بووە، نەورۆزیش لەناو کوردەواری ڕۆژی خۆشی و شادی و هەڵپەرکێیە، کە تیادا خەڵک دڵشادن و گۆرانی دەڵێن. هەروەها لێکەوتەی ئەوەشی لێدەکەوێتەوە، کە ئەو ئەرکەی بۆی چووبوون بەدەستیان نەهێناوە لەبەرئەوە نەورۆزەکەیان لەدەست چووە بۆیە دەڵێت بۆ ڕیش هاتین سمێلیشیان لەسەر دانا.

- **شالیار: نەفرەت لە سەرجەم ناپاکان...دوژمن لەهەر کوێ بێ، چەند زۆربێ گرنگ نییە، بەڵام ناپاک وەک مار لەناو کاریتەکانی ناو ماڵت خۆی حەشارداوە، تا پێوەت نەدا هەستی پێناکەی...**

لەم نموونەیەدا لێکەوتەی ئەوەی لێدەکەوێتەوە، کە کەسانی ناپاک لە دەوروبەرماندا هەیە و مەبەستی ناو مرنشینەکەی میرە، بەڵام هەستیان پێناکرێت تا ئەوکاتەی پلان لە دژمان دادەنێن و دەست دەخەنە ناو دەستی دوژمن بۆ لەناو بردنی میرنشینەکە بۆیە ناپاک بەو مارە دەچوێنێ کە لەناو کاریتەی ماڵاندا خۆی دەشارێتەوە لە دەرفەتێک دەگەڕێت بۆ پێوەدان.

- **مەم: بە چرپە بۆ تاژدین، تاژدین ئەگەر نهێنیەکەم بدرکێنی بۆتان جێدەهێڵم.. مەسەلەی خۆشت بەمن مەبەستەوە.**

لەم نموونە لێکەوتەی ئەوەی لێدەکەوێتەوە، کە مەم لە میرنشینی بۆتانە و هاوڕێ و دۆستی تاژدینە، لە هەمان کاتدا لە قسەکانیدا لێکەوتەی ئەوە هەڵدەهێنجرێت مەم نهێنییەکی هەیە تاژدین پێی دەزانێت و ئاگادارە ئەویش خۆشەویستی نێوان مەم و زینی خوشکی میرە، بۆیە داوای لێدەکات کە نهێنیەکەی نەدرکێنێت.

- **بەکر: بەڵێ میرم... من مەردایەتی مەم و دڵسادەیی و خۆشباوەڕیی ئێوەم بەهەڵزانی..میرم خوا دەزانێ ئێستا چەند پەشیمانم ..وڵات و براکانم بە خەوێکی نەزۆکی ناپاک فرۆشت، بەڵام خۆشبەختانە لەکاتی گونجاودا بەخۆدا هاتمەوە و دان بە گوناهە گەورەکانمدا دەنێم.**

لەم نموونەیەی خوارەوە بەردەست لەناو پێکهاتەی گوتنەکەدا واتە لە وشە و رستەکانەوە ئەم لێکەوتانەی لێ هەڵدەهێنجرێت، کە پێویستی بە گەڕانەوە بۆ دەوروبەری گوتن نییە:

- ئازایەتی و مەردایەتی مەم.
- سادەیی و خۆشباوەڕی میری بۆتان.
- ناپاکی و فرۆشتنی وڵات لەلایەن بەکری مەرگەوەڕ بە دوژمنان لەپێناو هێنانەدی خەونێکی ناپاکی بەدی نەهاتوو.
- پەشیمان بوونەوە و دانانن بە گوناح و تاوانەکان لەلایەن بەکر خۆی.

کەواتە هەر کاتێک بۆ بەدەستهێنانی لێکەوتە پێویستمان بە زانیاری تایبەت بە دەوروبەر نەبێت و لێکەوتە لە رستە و وشەکانەوە بە دەستبێت ئەوە پێی دەگوترێت لێکەوتەی ئاخاوتەیی گشتی، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لێکەوتەی گشتی هەن پێیان دەگوترێت لێکەوتەی پلەیی (عمر محمود، ٢٠٠٩، ٢٠).

### ٢-٥-٤: لێکەوتە پلەییەکان Scaler implicature

هەندێک زانیاری هەن بەردەوام بەهۆی هەڵبژاردنی وشەیەکەوە ماناکەی دەگات، کە بەهایەک لە پێوەری بەهاکان دەربڕێت ئەمەش زۆری لەکاتی گوزارشت کردن لە چەندایەتیدا دەردەکەوێت (george yule, 2000, 41) وەک ئەم نموونەیەی خوارەوە کە زاراوەکان لە بەرزترین نرخەوە بۆ نزمترین نرخ ڕیزکراون.

<هەموو، زۆرینە، زۆر، هەندێک، تۆزێک>

<هەمیشە، زۆرجار، هەندێجار>

<نایاب، زۆرباش، باش، ناوەند، خراپ>

لەکاتی دەربڕینی هەر وشەیەکدا قسەکەر، کە وشەیەک لەم پلانەدا هەڵدەبژێرێت لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە لە هەموو وشەکانی تر راستتر و زانیاری بەخشترە، کەواتە بنچینەی لێکەوتەی پلەیی ئەوەیە کە وشەیەکت لەناوەڕاستی پلەکاندا هەڵبژارد، وشەکانی سەروتری خۆی رەتدەکاتەوە و ئەوانەی خوار خۆشی دەگرێتەوە بە پێچەوانەوەش (عمر محمود، ٢٠٠٩، ٢١).

- **تاژدین: سەرخاب! میری ئەردەلان!؟ هەموو وەک یەکن کەسیان متمانەیان بە پیاوی راستگۆ و دڵسۆز نییە...**

لەم نموونەیەدا هەموو وەکو پێوەرێک وایە لێکەوتەی لێ بەدەست دێت و هەموو پلەکانی خوار خۆی ڕەتدەکاتەوە

- **میر: من هەرگیز نەمزانیوە کە جەنابیشت جەنگاوەریشی؟**

لەم دەربڕینەدا لێکەوتەی ئەوەی لێدەکەوێتە کە هیچ کاتێک پێش ئەوە زانیاری نەبووە لەبارەی ئەوەی، کە مەم جەنگاوەر بووە واتە هەموو پلەکانی تر ڕەتدەکاتەوە.

هەروەها ژمارەش لێکەوتەی پلەیی لێدەکەوێتەوە بەوەی ژمارەیەک لە پلەی ژمارەکان هەڵدەبژێرێت ژمارەکانی سەروتر و خوارتری خۆی رەتدەکاتەوە وەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت.

- **بەکر: میرم گیانمت بە قوربان بێ، ئاژاوەچی ئەو کەسەیە کە پێچەوانەی فەرمان و ئارەزووەکانت دەجولێ...**
- **میر: هەر چوار پەلی ئەو کەسانە دەبڕم ئینجا سەریان...**

ژمارە چوار لەم دەربڕینەدا لێکەوتەی ئەوەی لێدەکەوێتەوە، کە مرۆڤ بە دەست و قاچ چوار پەلی هەیە لەگەڵ یەک سەر نە زیاتر نە کەمتر واتە ژمارەکانی سەروتری خۆی رەتدەکاتەوە و ژمارەکانی خوار خۆی دەگرێتەوە.

### ٢-٥-٥: لێکەوتەی تایبەتی Particularized Conversational Implicature

لەم جۆرە لێکەوتەیەدا پێویستی بە دەوروبەر هەیە بۆئەوەی گوێگر لێکەوتە لە ئاخاوتنەکانی قسەکەر بەدەست بهێنێت، چونکە لێکەوتەی ئاخاوتەیی تایبەتی هەمووکات لەناو گوتندا دەبینرێت، بۆیە بۆ بە دەستهێنانی لێکەوتەکە پێویستمان بە زانیاری دەوروبەری گوتنەکە دەبێت (Levinson, 1983, 126).

- **دەرویش: مردنت هاتووە دەبینم گاڵتەمان پێدەکەی؟**
- **بەکر: تخوا من مردنم هاتووە، من نازانم بێژەن ئۆغڵی چۆن لەبیری نەماوە کە میرم چی پێکرد! چۆن دوو پێی هەبوو دوانیشی قەرد کرد تا پێستەکەی رزگار بکات.**

لەم نموونەیەدا قسەکەری دووەم لە بنەمای پەیوەندی و چۆنیەتی لایداوە، چونکە راستەوخۆ وەڵامی دەرویشی نەداوەتەوە، کە لە وەڵامدا دەیتوانی بڵێ 'بەڵێ' یان نەخێر'. سەرەرای ئەوەی لادان لە بنەمای هاریکاری کراوە لە وەڵامیشدا جۆرێک لێکەوتە هەڵدەهێنجزێت زیاتر پێویستی بەزانیاری دەوروبەری گوتنەکە هەیە بەشێوەیەکی ناڕوون دەدوێ تا لە مەبەستی بەکر بگەین، بەڵام لە ئەنجامدا دەگەینە ئەوەی کە نەدەبوو دووبارە بێژەن داوای گەڕانەوە بکات بۆ ناو میرنشین.

- **مەم: تاژدین دیارە شەرمکردن بەلاتەوە ترسنۆکیە...؟**
- **تاژدین: کورد دەڵێ پیاوی شەرمن شانەیەک دێنێ ژنی شەرمن شارێک دێنێ.**

تاژدین وەڵامێکی راستەوخۆی مەمی نەداوەتەوە، بەمەش لە هەردوو بنەمای پەیوەندی و چەندیەتی لایداوە، بەڵام دەبێت مەم لە وەڵامی تاژدین لێکەوتەی ئەوە هەڵبهێنجێنێت، کە پیاو نابێت شەرم بکات، پیاوی شەرمن بە ترسنۆک دادەنێت، ئەویش بە پێوەر و بنەما کۆمەڵایەتیەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە لێکەوتەی ئاخاوتەیی تایبەتی و لێکەوتەی ناستاندەر بەهۆی لادان لە بنەما وردەکانی بنەمای هاریکاری پەیدادەبن.

ئەم جۆرەی لێکەوتە گرنگترین و باوترین جۆری لێکەوتەیە بۆیە بە لێکەوتەی تایبەتی ناودەبرێ (George, 2000, 43).

### ٢-٥-٦: لێکەوتەی نەریتی Conversational Implicature

ئەم جۆرە لە لێکەوتە پەیوەست نییە بە بنەمای هاریکاری و بنەما وردەکانەوە بەڵکو تەنیا لە واتای تایبەتی وشەکانەوە هەڵدەهێنجێنرێت، کە بەهۆی نەریت و رێکەوتن دەچێتە پاڵ دەربڕین و یەکە فەرهەنگیەکانەوە، واتە مەرج نییە لە ئاخاوتندا رووبدات و پەیوەندی بە واتای تایبەتی وشەکانەوە هەیە بۆیە گرایس ئەم جۆرە واتایەی لە واتای گوتراو جیاکردۆتەوە لەبەرئەوەی قسەکەر دەتوانێت نکۆڵی لەو لێکەوتەیە بکات، کە لە وتەکان هەڵدەهێنجرێت (عمر محمود، ٢٠٠٩، ٢٦).

بە پێچەوانەی لێکەوتە ئاخاوتەییەکان لێکەوتەی نەریتی پەیوەست نیە بە بنەمای هاریکاری و لە گفتوگۆدا روونادەن و بۆ لێکدانەوەیان بە دەوروبەرێکی تایبەت نەبەستراونەتەوە ئەم جۆرە دەرکەوتانە تا رادەیەک لە پێشگریمانە وشەییەکان دەچن، بەو وشە تایبەتانەوە پەیوەستن، کە ئەگەر بێت و ئەو وشانە بەکاربێن واتا گەیەنراوە زیادەکە بەرهەم دێت یەکێک لەم وشانە، وشەی لێکدەری 'بەڵام' ە لەگەڵ ئەوەشدا وشەی تر هەن وەک "تەنانەت، هێشتا، کۆیرا.." لێکەوتەی باویان تێدایە (جۆرج یۆل، ٢٠١٦، ٨١).

- **بەکر: پێت دەڵێم برۆ، تاژدین خاتوو ستی لێم فڕاند، بەڵام خاتوو زین ماوە...**
- **تاژدین: لەگەڵ مەم دێت چۆن؟ لەم هەموو رۆژ و شەوانە نەتتوانی قسەیەکی لەگەڵدا بکەی!**

ئامرازی لێکدەری بەڵام لە رستەی یەکەمدا دوو رستەی سادەی لێکداوە، کە پێچەوانەی یەکترن، واتە یەکێک لە خوشکەکانی میر لەلایەن تاژدین خوازبێنی کراوە و ئەویتر ماوە. کەچی لە رستەی دووەمدا کرداری نەتتوانی مانای ئەوەیە، کە کارەکەی بە سەرکەوتوویی ئەنجامنەداوە.

هەروەها هەندێکجار ئەو وشە و جێناوانەی بۆ پایەی کۆمەڵایەتی بەکاردێت وەکو لێکەوتەی نەریتی لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت و بەکاردێن وەکو ئەم نموونانە:

- **بەکر: بەرێزتان فەرمووتان.**
- **تاژدین: ئێوە فەرمانتاندا کە سوپا ئامادە بکەین...**

لەگەڵ ئەمانەشدا لێکەوتەی نەریتی بەگشتی زۆر گرنگ نییە و ئەو تایبەتیەی نییە، کە لێکەوتە ئاخاوتەییەکانی تر هەیانە.

### ٢-٦: جیاوازی نێوان لێکەوتەی گفتوگۆیی و نەریتی

1. لێکەوتە گفتوگۆییەکان لەسەر بنەمای هاریکاری و پرەنسیپەکان دامەزراوە، واتا نەریتییەکە لەسەر بنەمای هاریکاری و بنەماکان نییە، بەڵکو راستەوخۆ گرێدراوە بە مانای راستەقینەی ئەو وشانەی، کە دەوترێت.

2. لە چوارچێوەی گفتوگۆکەدا قسەکەر شتێک دەڵێت، بەڵام بە واتای شتێکی تر دێت، واتای نەریتی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مانای وشەیی وشەکانەوە هەیە کە دەوترێت.
3. لێکەوتەی ئاخاتەیی ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت و دەتوانرێت بە زانیاری زیاتر هەڵبوەشێتەوە، لێکەوتە نەریتییەکان جێبەجێ ناکرێت.

## ئەنجام

1. بوونی لێکەوتە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکانی زمان هەیە، کە تیۆرەکانی زمانەوانی گشتی نایانگرێتەوە.
2. لە لێکەوتەی ئاخاوتەییدا قسەکەران لە گفتوگۆکانیاندا شتێک دەڵێن و مەبەستیان شتێکی ترە، کە بە ئاشکرا لە گوتنەکانیاندا دەرنەبڕاوە.
3. جۆرە جیاوازەکانی لێکەوتە ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە دەربڕینێک چەندە ئاڵۆزە بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی پێویستمان بە دەوروبەری گوتن دەبێت.
4. لادان لە بنەمای هاریکاری و بنەما وردەکان ئامانج و ئاراستەی ئاخاوتن دیاری دەکەن بۆیە پابەندبوون و لادان لە بنەماکان پرۆسەی گفتوگۆ سەرکەوتو دەکەن.
5. زۆرترین لێکەوتە لەنێو دەقە شانۆییەکەدا بریتییە لە لێکەوتی گشتی، هەروەها زۆرترین لادانیش لە بنەمای هاریکار بریتیە لە بنەمای چۆنیەتی و بنەمای پەیوەندی.

## سەرچاوە

1. جۆرج یوڵ، ٢٠١٦، مەبەستناسی (پراگماتیک)، وەرگێڕان: ڕەحیم سورخی، چاپخانەی تاران.
2. سروە فیصل عزیز، ٢٠١٠، بنەمای هاریکاری لە چوارچێوەی نواندنی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەددین.
3. شێرزاد سەبری عەلی، ٢٠١٤، پراگماتیک، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
4. عادل الفاخوری، ١٩٨٩، الأقتظاء في التداول اللسانى، عالم الفكر، مجله العشرون، العدد ثالث.
5. عبدالواحد مشیر دزەیی، ٢٠١٤، زانستی پراگماتیک، هەولێر.
6. عمر محمود کریم، ٢٠٠٩، سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکی گریمانە پێشەکییەکان، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زمان.

7- George Yule, 2000, pragmatics, oxford university press.

8- Grice H.P. 1975, logical and conversation, incole moyan

9- Haiyan Wang, 2011, Conversational Implicature in English Listening Comprehesion, Jornal of Language Teaching and Research. Vol2 N5.

10- Kasim M. Basil Al_Azzawi, 2019, Implicature, pragmatics Implicature, College of physical Education, University of Mosul, Iraq.

11- Latif Amrullah, 2015, Implicature in the study of pragmatics , jornal bahasa lingua scientia V.7.

12- Lyons John, 1995, Linguistic semantics an introduction combridge university press.

13- Stephen C. Levinson, 1983, pragmatics, cambridge university press.

# Conversational Implicature in theatrical texts

**[1] Assistant Lecturer, Kalthum Khalid Ahmed, Kurdish Language, Salahaddin University, College of Basic Education, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.**

**Department of Medical Laboratory, Erbil Technical Health and Medical College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.**

**[2] Assistant Professor, D. Azad Ahmad Mahmood, Kurdish Language, Salahaddin University, College of Basic Education, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.**

**Department of Business Management, Erbil Technical Management College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.**

**Abstract:**

Conversational Implicature is seen as an important and pivotal issue in pragmatic research. This is because, the existence of Implicature actually required linking the connection and explaining facts of language, which are not covered by general linguistic theories. This theory originated by Grace, whose starting point was that speakers say something in their conversations and mean something else that is not explicitly expressed in their utterances. The presence of different types of Implicature also shows how complex a statement is. To understand the consequences of speech, the speaker must have experience and knowledge about the principles of cooperation and adherence to detailed principles. Therefore, it can be said that the consequence would easily be understood if the speaker share their experience and knowledge in conversation.

**Keywords**: Conversational Implicature, Cooperative Principle, Generalized Implicature, Relation.